بە ناوی کوردستانی گەورە.

soransa@hotmail. com
تاران – 2707/9/4

## دەنگ و باس یا هەڵیت و پلیت؟ ... ح. س. سۆران

هەرووەک گشتمان دەزانین، لە جیهانی پەشێواو و تێکەڵ و پێکەڵی ئەمڕۆ دا، کە گۆی کورت بە کورتانە دەدرن و زۆرتر وێنجە لە بەردەم گورگ دانراوە و گوشت لەبەردە پەزدا، بە هەزاران مانگەواڵە (ساتێلایت)، تێلێڤیزیۆن، و رادیو و مێدیای دیکە هەیە، کە بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، زوربەی ئەمانە لە ژێر فرمانی دەستەلات داران دان و لە ڕاستی دا کەرەنا و بەرزوێژی (بڵێند گۆی) ئەوانن. ئەگەر موورم محەممەدی شەریف (بەڵا دوور)، ڕووناکبیرێکیش بتوانێ بە هەزار قەللەو دەللە، ڕێگەی بکەوێتە ئەو مێدیایانە، لە پێشدا دەراوی دەمی تاقی دەکەنەوە، جا ئەگەر زانیان وتەکانی بۆ ڕەشەولاغ وشت زەرەری نیە، دەهێڵن بە هێڵ پێدان، توزێک قسەی سەرپۆرتی خۆش بکا!!! بەڵام، لە درێژەی وردە فەرمایشتەکانی ئەو ڕووناکبیرەدا، ئەگەر زانینان دووربا، خەریکە دو دانە وتەی وەک گالیلەو مەنسووری هەللاج لە زاری بێتە دەرێ، خێرا وەک بارانی گورگە زێ، باسەکە دەگۆڕن و تۆپێک پەردەی هەڵیت و پلیت دەکێشن بە بەری دا. جار جار، ئەو پلاتفۆڕمانە، پای ناسک و نەرمی ڕووناکبیری بێ هەڵوێستی مێویشی تێدەکەوێ – ئەڵلا ئەڵلا!!!! لەپەستاش بەرێوە بەرە کە دەفەرمۆێ " کاتمان کەمە "، یانی تۆ کاتت کەمە، چون هەر من دەمەوێ قسە بکەم. کەس نالێ لالۆ ئەی ئەگەر وایە بۆ منتان هێناوە بۆ ئێرە.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست بە تایبەت و لە تەواوی جیهانیش بە گشتی، کاتێک دێنە سەر بڵاو کردنەوەی دەنگ و باس، پاکی باسی ئەوەیە، بۆ وێنە: ئەمرۆ مەلیک بەشار ئەسەد، سەرۆک کۆماری سووریا، لە دوورەوە وەک زەرنەقووتە چەمۆڵەیەکی لە بەرزاییەکانی گولان نا – ئەفاکەڵڵا... و چەند هەناسەی قورەیشی ڕەگەزییشی هەڵکێشا، یا ئیلهام عەلی، (رووسەکان مۆرێکی "تۆفیان " پیا چزاندوە)، چەند جار کەرە و کورەی لە بارۆن چاچاتۆریانی ئەرمەنی لەمەسەب هەڵدا و فەرموی ئێمەش تەواوی ئەرمەنیەکان بە بێڵ دەخەینە گۆلی سێقانەوە، مەگەر شەندە لەمەندە کەمترە یا ئەرمەنی لە جوولەکە موسوڵماننترە، یا پەرویز... شەرەف بە لیباسی قولە ژاندرامیەوە سوێندی سەقەتی خوارد، کە بە سەری لیاقەت عەلی خان جان، ئەگەر ئەو خاتو بێنەزیرە، کە بۆ شیرین کەبیانوییش بێنەزیرە، وا شۆرە ژن و لەبار نەبوایە، وەک دۆعای کورد بە لەچکەکەی خۆی دەم خنکاند، ئەو قسانە چیە - بابەکەی ئیسلام فەرمویەتی ئافرەت دەبێ خۆی دەرخا و لە ئەندەروون بێتە دەرێ، بەردیشمان لێ دەبارێ – زۆرم هێ هێ کردایە؟؟؟

تازە لە زۆربەی ئێزگەکانی ئوروپا، ئامریکا و ڕۆژهەڵاتی دووریش، هەر باسی ڕامیاری و ڕامیارەکانە، یا بۆ وێنە هەواڵی بەم چەشنە بڵاو دەکەنەوە:" ئەمڕۆ لە کانگەیەکی مسی باشوری چین، چوار نەفەر کرێکار گاز گرتنی و لەوانە بو بخنکێن (چوار کەس، لە یەک میلیارد و چەند سەد میلیۆن کەس، سەد مخابن!!!)، یا ئەمشەو لە کۆلۆمبیا، تراکتۆرێ وەرگەڕا و لێخورەکەی سەر چۆکی تۆزێک رووشا!!!.

کەچی ئەم مێدیا سەرەکیانە، بە دەگمەن بە لای شتی گرنگ و بنەرەتی دا دەچن. ئەو هەموە کارە زانستی، نانۆ تێکنۆلۆژی، پزیشکی، تێکنیکی، بۆشایی ناسی، زەوی ناسی، مرۆڤ ناسی، هونەری و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

27-11-2007 23:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

داهێنان و ئەو هەموو مەبەستە بەکەڵکانە لە جیهاندا رو دەدا، "گەزی چی و جاوی چی "!!! پەنچا ساڵە، باس هەر باسی فەلەستین و ئیسرائیلە، رەنگە تا ئێستا هەر من، دە هەزار چار هەواڵم سەبارەت بە سۆفی یاسیر عەرەفات و فەلەستینی بە ناو داگیر کراو بیستوە، هێندەم باسی ئەبو... بیستبو شەو وەک مۆتە دەهاتە خەوم. بەڵام سەبارەت بە کوردستانی بە راستی داگیرکراو، کوردی ئەنفال کراو، کوردی بە ترک کراو و... کێ باس دەکات؟ ئەگەر ئەوان موسوڵمانن، کوردیش زوربەی موسوڵمانە، ئەگەر موسوڵمانیش نەبین، بە لای کەمەوە مرۆڤین. قوربان گیان! عارەبەکان، بە دەیان وڵاتی خاپووریان هەیە، با وەستا حەکەی منیش قوژبنێکی ئاوەدانی ببێ، فیرعەون تا کەی.
بە کورتی، شەویش کە دێتەوە لە ماڵەوە هەلاژێی و پشویەک بگری، هەر ئیزتگەیەک کەڕەنایەکی وا بەدەستەوە و وەک شووتی فرۆشی هەمەدان، دەقوولێنێ و تاریفی شووتیەکانی خۆی دەکا. ئایا لەباتی ئەو هەڵیت و پڵیتانە، باسی راستە قینەی زانستی، تێکنیکی، پزیشکی، هۆنەری و فەلسەفیان بکردایە باشتر نەبو؟؟؟. بە فەرمایشی ئەوان، سی ساڵە ئامریکا دەیەوێ، پاش چەند رۆژ هێرش بهێنێ بۆ ئێران !!!
قسە هەزارە و یەکێکی بەکارە:
خۆزگە لە جیهاندا، دەستەلاتی گشتی و هێزی ئابووری بە دەست زانایان، مرۆڤی خاوەن ئەندێشە و بیرمەندانەوە بوایە، نەک رامیاران، تا مرۆڤ لەو گشتە مەرگەسات، قاتوقڕ، پەتا، جەنگ و کارەساتە رزگار ببوایە و بە لای کەمەوە بۆی روون ببوایەتەوە، لە کوێوە هاتوە و بۆ کوێ دەچێ، نەک ببێ بە غار و چلیتێنی رامیاران و بە ویستی خۆیان تەقڵە داکوتن و لە ئاخریشدا، خۆشایان وەک سەددامە زێڕە، خوڵی رەشی تەکریت بکەن بە سەرگەلی ئێڕاق، خۆیان و بنەماڵەکەیان دا و پەیکەری نگریسیان، وەک سەگ رست بکەن و بە زنجیر، لە مەیدانی بەغدا دایبەزێنن!!!. کوردۆ! هەرکەس کەسە، پەندێکی بەسە.
تێبینی: هەمو شتێك چاك و ناچاكی هەیە. ئەم وتارە، سێرەی لە ناچاکەکانە و دەستی دڵسۆز و چاکەکان ماچ دەکا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.